# ئەمیری حەسەنپوور-

# کەسایەتییەکی 'پۆلی هیستۆر'

ئەنوەر سوڵتانی

*ئەم وتارە پێشتر لە ژمارە ٦ و ٧ ی گۆڤاری بیر و هزر، پووشپەڕی ١٣٩٦، چاپی سنەدا بڵاوبۆتەوە*
*ئیمەیل: biruhezr.journal@gm*

هەندێک کەسایەتی هەن کە ناساندن و باس لێکردنیان کارێکی هاسانە. فڵانە کەس شاعیرە، فیسارەکەس ڕۆژنامەنووسە، ئەویتر سیاسەتوانە، مێژوونووسە، مۆسیقارە، گۆرانی بێژە و... بەڵام کاتێ دەتەوێ کەسایەتییەکی وەک 'لێئۆناردۆ داڤینجی' بناسێنی، تێدەمێنی بڵێی وێنەکێش بووە، زانای هەندەسە بووە، میعمار بووە یان چی؟ یۆنانییەکان لە کۆنەوە وشەی polyhistor یان بۆ ئەو کەسانە هەبووە و چەند سەدەیەکیشە ئوروپاییەکان وشەی polymath یان داناوە کە هەردوکیان، بە سووکە جیاوازییەکەوە، ئەو بیرمەندە دەگرنەوە وا پسپۆڕایەتی و لێزانییەکانی هاوکات چەند بواری جیاوازی هونەر و زانست دەگرنەوە.

کاک ئەمیر، بێ زێدەڕۆیی، یەک لەو کەسانە بوو کە ناساندنی بە تاقە وشە و سیفەتێکی ئاسایی گونجاو نابێت، زمانەوان؟ کۆمەڵناس؟ نووسەر؟ لێکۆڵەر؟ ڕۆژنامە نووس؟ وتارنووس؟ سیاسەتوان؟ مامۆستای بواری میدیا؟ پرۆفیسۆری زانکۆ؟ لایەنگری مافەکانی مرۆڤ؟ داکۆکیکاری مافی ژنان؟ کوردی ناسیۆنالیست؟ مارکسیستی شۆڕشگێر؟ فێمینیست؟ هەموو ئەوانە و زۆرشتی تری وەک سەرنووسەری گۆڤار و وتارنووسی ئینسیکلۆپێدیا و وتاربێژی کۆنفەڕانس و کۆبوونەوە زانستییەکان هاوکات لە وجوودی تاکێکی هێمن و لەسەرخۆی بلیمەت و "پۆلی هیستۆر" دا کۆببوونەوە، کە هەستت دەکرد لە ژیانی ئاساییدا ئازاری بە مێرووڵەیەکیش ناگات، بەڵام کاتێ دەهاتە سەر هەڵوێست گرتن سەبارەت بە بنەماکانی باوەڕەکەی، قەڵەم و قەدەم و قسەی هەرکام دەبوون بە تیغێکی تیژ کە سەرمایەداری چەوسێنەر، دەرەبەگی زاڵم، کۆمەڵگای داگیرکەری مافی ژنان و تاکی بێ پرەنسیبی دەدایە بەر هێرشی بێ ئەمان.

ئەوانە پێداهەڵگوتنی بێ بنەما و شینگێڕیی دوای مردوو نین، بەڵکوو تەنیا بەشێکن لەو شتانەی کە دەگونجێت سەبارەت بە کەسایەتییەکی وا هەمەلایەنە بگوترێت و بنووسرێت. من کاتێ کە دوای مەرگی ناوەختی کاک ئەمیر زانیم تەمەنی تاقە یەک ساڵ لە من زیاتر بووە، گەلێکم پێ سەیر بوو؛ ئەو بۆ من هەمیشە پیرێکی دەستگیر و ڕێ پیشاندەر بوو و بەگوێرەی ئەزموون و لێزانییەکەی، هەستم دەکرد لای کەم چل پەنجا ساڵێک خوێندەواری و ئەزموونی لەپێش منەوە بووبێت، بەڵام کوا ئەو چەشنە هەڵسەنگاندنانە بە چەندایەتی و ژمارە دەکرێن؟ مەگەر پێوانە "چۆن بژی" نییە؟

من ئاگاداری ژیانی کاک ئەمیر بەتایبەت لە سەردەمی منداڵی و لاویەتی ئەودا، نیم. بەڵام لە ڕێگەی شوێن و ساڵی لەدایکبوونیەوە دەتوانم بزانم وەک ڕۆڵەیەکی سەردەمی کۆمەڵەی ژێکاف لە ساڵی ١٩٤٣ دا لە مەهاباد لەدایک بووە. لە تەمەنی کورتی کۆماری کوردستاندا وەک منداڵێکی سێ چوار

ساڵان، ئەزموونی ڕاستەوخۆی لێ وەرنەگرتووە بەڵام درنگتر ئاسەواری زەقی هەرەس هێنانی کۆمارەکەی، وەک فەزای قورسی سیاسی ناوچەکە، دۆخی خراپی ئابووریی شار و هەل ومەرجی بێ سامانی بنەماڵەی ئیعدامکراوان و گیراوانی شاری مەهاباد (و واهەیە سەقز و بۆکان)ی بەچاو بینیوە، هەستی پێکردووە و کەوتۆتە ژێر کارتێکەریی ئەنجامەکانیەوە.

لە ساڵانی پێش کۆدیتای ١٩٥٣ و ڕووخانی حکوومەتی میللی موسەددیق دا کاک ئەمیر مێرمنداڵێکی فێرگەی ناوەندی بووە و بە گوێرەی هەل ومەرجی سیاسیی ناو شاری مەهاباد هەروەها ئەو ئازادیيە ڕێژەییەی کە بۆ چاپی کتێب و ڕۆژنامەکانی ئێرانی ئەو ساڵانە بەرهەم هاتبوو، ئاساییە کە لەگەڵ بیری چەپدا ناسیاوی پەیدا کردبێت. مەهاباد لەو ساڵانە و ساڵانی دواتریشدا جەنگەی خەباتی نەتەوایەتی بوو بەڵام تەنانەت تاقە حزبە سیاسییە نەتەوەییەکەش، حزبی دیموکراتی کوردستان، هەڵگری بیری چەپ بوو و یەکسانی و سوسیالیزم، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، لە پەیڕەو و پرۆگرامەکانیدا ڕەنگیان دەدایەوە.

لە فەزایەکی ئەوتۆ و لە جەرگەی زوڵم و بێدادی حکوومەتی شای دوای کۆدیتای ٢٨ ی گەلاوێژ لە کوردستان، سەرەتا لە ڕێی حکوومەتی نیزامی بەختیار و ئینجا لە ڕێگەی ساواکەوە، گەلێک ئاسایی بوو کە گەرای بیری نەتەوەیی و لایەنگریی چەوساوان، هاوکات پێکەوە لە مێشکی کوڕەلاوێکی خوێندەواری وەک کاک ئەمیر دا بگووروێن، هەر ئەو گەرایەش لە ساڵانی دواتر و سەردەمی خوێندکاریی زانستگەی تاراندا چەقەرەبکات، بپشکوێت و گوڵی کەسایەتییەکی شۆڕشگێر بەرهەم بێنێت. هەر بۆیەشە کە ئێمە لە پشکنینی ڕووداوەکانی ژیانیدا، هەواڵی خوێندکاریی زانکۆی تارانی، هاوڕێ لەگەڵ هەواڵی کار و خەباتی سیاسییەکەی، پێکەوە دەبیسین.

سەردەمی لاویەتی و خوێندکاریی کاک ئەمیر شەقڵی شۆڕشی ئەیلوول لە باشووری کوردستان، چوونی لاوانی خەباتکار بۆ ناو شۆڕشەکە، کۆنگرەی دووهەمی حزبی دیموکرات، دامەزرانی حزبی ڕزگاری، سەرهەڵدان و تێکشکانی خەباتی چەکدارانەی ساڵانی ١٣٤٧ و ٤٨ ی لێدراوە. لە فەزایەکی وەک زانکۆی تاران و لە ناو جەرگەی کۆمەڵێکی زۆر لە لاوانی کوردی شۆڕشگێڕی دانیشتووی ئەوشارەدا، گەلێک ئاساییە کەسێکی هەستیار و بەرپرس وەک کاک ئەمیر لەگەڵ لافاوی شۆڕش و خەباتدا بڕوات، کە ڕۆیشت و چالاکانەش ڕۆیشت.

درەنگتر، کاتێ کە بۆ درێژەی خوێندن چوو بۆ بەشی ڕۆژئاوای جیهان، ڕۆح و هەستی بەرپرسانەی کاک ئەمیر لە بەرانبەر کۆمەڵگای بندەست و بەرهێرشی کوردستاندا هەرگیز لە کەمیی نەدا هیچ، بەهێزتریش بوو و نەک هەر لە خەباتی خوێندکارانی کوردی دەرەوەی وڵات، بەڵکوو لە ڕاپەڕینی خوێندکارانی فەڕەنسەی دەیەی شەستیشدا بەشداریی کرد و لە بەرەی چەپی پێشکەوتنخوازدا دژ بە سیستەمی سەرمایەداری وەستا- وەستانێک کە تا دوایین ڕۆژەکانی ژیان، دانیشتن و کۆڵنەدانی بەشوێندا نەهات.

مانەوەی دەرەوەی وڵات، بە پێچەوانەی زۆر خەڵکی دیکە، گەل و نیشتمانی لەبیری کاک ئەمیر نەبردەوە و هەرئەوەندەی دەنگی شۆڕش لە ئێرانی ساڵی ١٣٥٧دا بەرز بووەوە، ڕووی کردەوە وڵات و لە مەهاباد و مەریوان و سنە بوو بە هاوهەنگاوی کۆمەڵانی ڕاپەڕیوی خەڵک.

کاتێکیش کە شۆڕشی گەلانی ئێران لە گرێژەنە چوو و ئایەتوڵلاکان دەستیان بەسەردا گرت، کاک ئەمیر هاتەوە دەرەوەی وڵات و لە کەنادا گیرسایەوە، شوێنێک کە تا کۆتایی تەمەن لێی مایەوە، بێ ئەوەی پەیوەندی لەگەڵ ناوخۆی وڵات بپچڕێت[1].

تایبەتمەندیی کەسایەتیی شامیلی کاک ئەمیر گەلێک زۆرن. واهەیە پێداگیریی قورس وقایم لەسەر باوەڕی سیاسی-کۆمەڵایەتی و دڵسۆزیی گەل و نیشتمان، دوو دیاردەی هەرە بەرچاو بن کە هاوڕێ لەگەڵ خووی نەرم و تەوازوع و بەرپرسیایەتی و یاریدەدەریی خەڵک، کەسایەتییەکی جێگەی ڕێزیان پێک هێنابوو کە تەنانەت نەیار و دوژمنەکانی (چەوسێنەرانی سەرمایەدار و دەرەبەگ)یش نەیاندەتوانی ڕێز لەو خەسلەتە ئینسانییانەی نەگرن.

لایەنێکی هەرە گرنگی کەسایەتی کاک ئەمیر باوەڕێکی بنچینەیی بە مافە فەوتاوەکانی ژن، بە تایبەت ژنی کورد بوو. لەم بوارەدا من بە کەسێکی پێشڕەوی ئەوتۆی دەناسم کە تا ئەمڕۆ هیچ کوردێکی ناسراوی تر بە تۆزی ڕێگاشی نەگەیشتووە. ئەو فێمینیستێکی خاوەن بڕوا بوو و ئەو هەڵوێستە لە نووسینەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە. کاک ئەمیر هەرگیز نەکەوتە شوێن قسەی ئەو گەڕۆکە ئوروپاییانەی وا ژنی کوردیان لە چاو ژنانی دیکەی گەلانی دراوسێ، بە 'ئازاد' ناو دەبرد.

ئەو ئاگای لە قووڵایی نەریتە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای کورد بوو و دەیزانی کێشەی بێ مافیی ژن لە کوردەواریدا بە بوون یان لاچوونی چارشێو و دەسماڵ چارەسەر ناکرێت و سەرچاوەی مەسەلەکە لە قووڵایی ئایین و ئەو نەریتانەدایە کە لەسەر بنەمای <u>ئایین و دابی عەشیرەتی</u> دانراون. دەزانم کاک ئەمیر خەباتێکی زۆری لە پێناو مەحکووم کردنی سوننەتە عەشیرەییە دواکەوتووکان کرد، بەڵام دڵنیا نیم ئایا بە هەم شێوە لەگەڵ ئایینی زاڵی کۆمەڵگاش ڕووبەڕوو بووەوە و تێکەوت یان نا؟

*****

چەند ئەزموون و بیرەوەری شەخسی بۆ ڕوونکردنەوەی هەڵوێستەکانی کاک ئەمیر:

دڵنیا نیم کاک ئەمیرم کەی و لە کوێوە ناسیوە. لەو بابەتەوەی وا لە سەرەتای لاویەتیدا بۆ ناساندنی شاری مەهابادی نووسیبوو و شارەداریی شارەکە بڵاوی کردەوە؟ یان لەو ژمارە تایبەتەی ڕۆژنامەی کوردستان چاپی تارانەوە کە بۆ کۆچی دوایی مامۆستا گۆرانی شاعیر دەرچوو و کاک ئەمیر لەگەڵ کاک سوار و کاک عەلی حەسەنیانی و کاک فاتیح بابەتەکانیان نووسیبوو؟ یا خود هەر لە زمانی خەڵکەوە، کە وەک خوێندکارێکی لێهاتوو و خەباتکاری کورد لە تاران ناویان دەبرد؟ هەرچۆنێک بێت لەو یەکەم ڕۆژانەوە کە دارەدارەی خوێندن و نووسینی کوردیم کردووە، دووراودوور کاک ئەمیرم لە گۆڕەپانی نووسین و لێکۆڵینەوەدا حازر و نازر بینیوە- وەک هاوڕێیەکی نەدیتوو بەڵام ڕێ پیشاندەر و دڵسۆز.

کاتێ کە لە ساڵی ١٩٩٨ دا کتێبی "کەشکۆڵە شیعرێکی کوردی گۆرانی"م ئامادە دەکرد، نوسخەی پێش چاپکردنیم بۆ نارد و تکام لێکرد پێشەکییەک بۆ بەشی ئینگلیزیی کتێبەکە بنووسێت. کاک ئەمیر، بە

---

[1] . بۆ نموونە لە ئیمەیلێکدا بۆی نووسیبووم کە بۆ کاری لێکۆڵینەوە لە ڕاپەڕینی وەرزێرانی ناوچەی موکریان *"ئەمن نزیکەی ٣٠ وتووێژم لەگەڵ وەرزێر و مەلا و فەقێ و ئاغاکان هەیە"* (ئیمەیلی مانگی مەی ٢٠١٦).

شێوەی هەمیشەیی خۆی، کە بۆ ئەرک و کاری ئەوتۆ دەستی بەرووی کەسەوە نەدەنا، منیشی بێ هیوا نەکرد و ١٥ لاپەڕەی نووسی کە یەک لە تەوەرەکانی باسەکەی بەرپەرچدانەوەی بۆچوونی پرۆفیسۆر مەکەنزی بوو لە مەسەلەی پەیوەندی زمانی کوردی و مادی، منیش سەرەتا کۆپییەکی وتارەکەم نارد بۆ دوکتۆر مەکەنزی، ئینجا لاپەرەکانی کتێبەکەم پێ ڕازاندەوە.

کاتێ کە بابەتێکم سەبارەت بە ڕاپەڕینی وەرزێرانی ناوچەی فەیزوڵلابەگی نووسی و لە گۆڤاری گزینگدا بڵاوم کردەوە (وا بزانم ساڵی ٢٠٠٧ بوو)، کەسێک تۆمەتی ئەوەی لێدام کە گوایە بە ڕوانگەی 'توودەیی'ەوە ڕاستییەکانم سەبارەت بە زوڵم و زۆری ئاغاوات شێواندبێت. کاک ئەمیر لە بەرانبەر ئەو هێرشکارییە بێ بنەمایەدا هەڵوێستی گرت لە ئیمەیلێکدا بۆی نووسیم: *"ئەو بەشەی نووسراوەی کاک ... کە باسی تۆ دەکا دەبو سەرنووسەری گزینگ بڵاوی نەکردباوە چونکە ئەویش "مەغلەتەی روو بە ئینسانە"، بەڵام لە کولتووری رۆشنبیری و چاپەمەنی کوردی و فارسی و ... دا هێشتا جیاوازی داناندرێ لە نیوان مەغلەتە و ئیستیدلالی زانستی"* و تەنانەت گوتی ئەگەر کاتم هەبێت وەڵامێک بۆ ئەو کەسە دەنووسمەوە.

لە دەوروبەری ساڵی ٢٠٠٠دا، جارێکیان هاتە لەندەن. ئەودەم دایکیشم چەند مانگێک بوو بە سەردان لە لەندەن دەژیا. کاک ئەمیر سەبارەت بە بارودۆخی بۆکان لە ساڵانی کۆماری کوردستان و ڕاپەڕینی ساڵی ١٣٣٢ ی خەڵکی بۆکان و وەرزێرانی ناوچەی فەیزوڵلابەگی و دۆخی ژنان وتووێژێکی بە دەنگ لێ تۆمار کرد، دواتر بە پۆستەدا نوسخەیەکی شریتی دەنگەکەی دایکمی بۆ ناردم کە ئێستاش لای من ماوە.

لە ساڵی ٢٠١١ دا بابەتێکی بۆ ناردم کە بە ئینگلیزی سەبارەت بە 'ڕاپەڕینی وەرزێرانی موکریان' نووسیبووی و داوای لێکردبووم بیخوێنمەوە و بۆچوون و ڕەخنەکانی خۆمی بۆ بنووسمەوە بۆ ئەوەی پاکردەی بابەتەکە بنێرێت بۆچاپ لە گۆڤارێکی ئینگلیزیدا. دیارە من دەست بەجێ کارەکەم ڕاپەڕاند و بۆم ناردەوە، بەڵام وتارەکە، لەبەر هەر هۆکارێک، بڵاو نەکرایەوە.

لایەنێکی گرنگی کاری کاک ئەمیر لە نووسین و لێکۆڵینەوەدا پرۆفیشنالیزم بوو. ئەو بە سینگێکی ئاواڵەوە ڕەخنەی خەڵکی وەردەگرت. من لەسەر ئەوەی ڕاپەڕینی ساڵانی ١٣٣١ و ٣٢ ی خەڵکی بۆکان و وەرزێرانی ناوچەی فەیزوڵلابەگی لە ڕۆژهەڵاتی بۆکانی بە 'ڕاپەڕینی وەرزێرانی موکریان' ناودێر کردبوو ڕەخنەم هەبوو و ئێستاش لە سەر ئەو باوەڕەم کە بەداخەوە ڕاپەڕینەکە پێش ئەوەی هەموو ناوچەکانی موکریان بگرێتەوە و بکرێت ناوی 'ڕاپەڕینی وەرزێرانی موکریان' ی لێ بنرێت، هەر لە ڕۆژهەڵاتی بۆکان گەمارۆ درا و تێک شکێنرا. تەنانەت لام وایە کاتێ مامۆستای نەمر هێمن لە سەرەتای تاریک و ڕووندا سیفەتی وەرزێرانی 'موکریان' بە ڕاپەڕینەکە داوە، لەبەر ئەوە بووە کە کتێبەکە لە باشووری کوردستان و تا ڕادەیەکی زۆر بۆ جەماوەری ئەوێ بڵاو کرابووەوە و لەوێ باس کردن لە دیاردەیەکی گشتی وەک موکریان هاسانتر بوو لە ناساندنی ناوچەی فەیزوڵلابەگی بە خەڵکەکە، دەنا مامۆستا هێمن گوند و ژیانی گوندنشینان و مێژوو و شوێنایەتی ڕاپەڕینەکەی گەلێک چاکتر لە ڕووناکبیرانی شارنشین دەناسی و دەزانی و بەردەوام لە پەیوەندی ڕۆژانەی گوندیشدا بوو.

هەموو بەڵگەکانی بەردەست دەریدەخەن کە ئەو بزووتنەوەیە سەرەتا لە ناو شاری بۆکان سەری هەڵدا و لەرێگەی هەندێک لە ڕێبەرانی ڕاپەڕینەکەی بۆکانەوە باڵی کێشایە سەر ناوچەی فەیزوڵلابەگی. دیارە درەنگتر، لە چەند شوێنی وەک سەر چۆمی مەجیدخان و مەحاڵ و شارویرانیش ڕاپەڕین دەستی

پێکرد، بەڵام ئەوانە هەمووی پریشکەی ئاگرێکی شۆڕشگێڕانە بوون کە سکڵەکەی لە ئاڵباغ و یەکشەوە و بەردەزەری فەیزوڵڵابەگیدا مایەوە و هێرشی ئەرتەشی شا و بەربەرەکانی کردنی ژن و پیاوانی ناوچەکەش لەگەڵ ئەرتەشی ئێران هەر لەوێ بەڕێوە چوو، هەر لەوێش ئاگرەکە خامۆش کرا.

ناوچەی فەیزوڵڵابەگی لە خۆوە نەببوە جەرگەی خەبات. لەوێ هەندێک تایبەتمەندی هەبوون کە بۆ نموونە لە بەشی ڕۆژئاوای چۆمی بۆکان و پاشماوەی موکریاندا نەدەبینران. پەیوەندی عەشیرەتی لەمێژبوو نەمابوو و ئاغاکان کە هیچ پەیوەندێکی خوێنییان لەگەڵ ڕەعیەت نەبوو، نەیاندەتوانی ئەو توندوتیژی و بگرە و بکوژەیەی ئاغاوات و مەزن و سەرەک عەشیرەتەکانی موکریانیان هەبێت. حەوت کەس لە باوک و برای هەر ئەو ئاغاواتە دوای هەرەس هێنانی کۆماری کوردستان ئیعدام کرابوون و وەک زۆرێک لە سەرەک عەشیرە و ئاغاکانی ناوچە، پشتیان بە ڕژیمی ئێران گەرم نەبوو و لەچاو ئاغاواتی دەماغ بەرزی دێبوکری، زیاتر لە ڕەعیەتەکانیان نزیک بوون تا حکوومەت. هەروەها کەسانی شارنشین و ڕووناکبیر و شاعیر و هونەرمەندیان تێدا هەڵکەوتبوو، تەنانەت یەکیان لەسەر خواستی خۆی، زەوییەکانی بەسەر گوندییەکاندا دا دابەش کردبوو و یەکێتریان هاوهەنگاو لەگەڵ ڕاپەڕیوەکان دژ بە چەوسانەوە و زوڵم هەستابووە سەرپێ و دوای کۆدیتای ٢٨ ی گەلاوێژ ئاغاکانی خزمی خۆی بۆ تۆڵە لێ سەندنەوە، قەسدی گیانیان کردبوو. ئەو دیاردانە لە شوێنەکانی دیکەی موکریان نەدەبینران و بە شێوەی سروشتی، زەمینەی ڕاپەڕین لەوێ ئامادەتر بوو و هەربۆیەش لەوێ سەریهەڵدا.[٢]

کاک ئەمیر ئەو بۆچوونانەی منی بیستەوە، بەڵام لەسەر هەڵوێستی خۆی مایەوە، بێ ئەوەی کێشەیەک بکەوێتە نێوانمان. تەنانەت لەبیرمە بۆی نووسیبووم کە دوابڕیاری ئەوەیە لێکۆڵینەوەکانی سەبارەت بە ڕاپەڕینی وەرزێران بە زمانی فارسی بڵاو بکاتەوە؛ من ئەوەشم پێ سەیر بوو کە بۆچی بە کوردی نایاننووسێت؟ ئەو ڕەخنەیەشی بە سینگێکی فراوانەوە گوێدایە بەڵام بۆ بارودۆخی ئەم دواییانەی ئەو و پێشوەچوونی نەخۆشییەکەی نەدەبوو سەرلەنوێ زمانی سەرجەم کتێبەکە بگۆڕێت؛ دیارە ڕێزی منیش بۆ خۆی و کارەکەی، هەرگیز لە کەمیی نەدا و نەگۆڕ مایەوە.

لە ساڵی ٢٠١٢ دا هەواڵی تۆمارکرانی بیرەوەرییەکانی نەمر مامۆستا ڕەئووفی خەیات (ڕەئووف مەلاحەسەن) وەک یەکێک لە ڕێبەرانی ڕاپەڕینی ساڵی ١٣٣١ و ٣٢ ی خەڵکی بۆکان دژ بە ئاغاواتم پێدا کە ڕێزدار ئیسماعیل زادە بە ماوەیەکی کەم پێش وەفاتی مامۆستا ڕەئووف بەڕێوەی بردبوو. کاک ئەمیر دەست بەجێ داوای نوسخە و زانیاری سەبارەت بە مەسەکە لێکردم، منیش ئیمەیل

[٢] . پەسندێکی دیکە بۆ بۆچوونەکەی من، ڕووداوی ساڵانی ١٣٥٧ تا ٥٩ ی دوای شۆڕشی گەلانی ئێرانە. لەو ساڵانەدا لقی ڕێکخراوەی فیدائیانی خەلق لە بۆکان بانگەوازی دابەشکرانی زەوی وزاری گوندەکانی بەگوێی خەڵکدا دەدا. تاقە شوێنێکی ناوچە، کە بە دەنگی بانگەوازەکەوە هات، هەمان ناوچەی فەیزوڵڵابەگی بوو. من کە ئەودەم ئەندامی ڕێکخراوەکە و یەک لە بەرپرسانی بووم، بەچاوی خۆم ئەو جیاوازییە زۆرەم بینی و تەنانەت لەبیرمە بۆ پڕوپاگەندەی هەر ئەو دابەشکردنی زەوییە، نێررامە گوندی عەزیزکەند لەبەشی دێبوکری کە ماوەیەک بوو ببووە مڵکی خاڵی خۆم. بەڵام نە لە هەوڵی من و نە هەوڵی هاوڕێیانی ترم هیچ هەڵنەوەرا و لە عەینی کات کە بۆ نموونە لە هاوینی ساڵی ١٣٥٨دا وەرزێرەکانی گوندی 'حەسار'ی سەر بە فەیزوڵڵابەگی، حاسڵی گەنمیان لە سەر زەوییە دابەشکراوەکانی ئاغا هەڵگرت، لە بەشی دێبوکری هیچ شتێک ڕووی نەدا و مەسەلەکە لە چوارچێوەی قسە و دروشمدا مایەوە. فەیزوڵڵابەگی جیاواز بوو.

ئەدرێسی کاک ئیسماعیلم بۆ نارد و دەزانم کەوتنە پەیوەندیی یەکترەوە بەڵام ئاگادار نیم ئایا تا کوێ لە ناوەرۆکی قسەکانی مامۆستا ڕەئووف ئاگادار کرایەوە و چی لە بابەتەکە دەست کەوت.

لە ماوەی ساڵانی نێوان ٢٠١٢ و ٢٠١٧ دا گەلێک ئیمەیلمان گۆڕییەوە کە زوربەی هەرە زۆریان سەبارەت بە ڕاپەڕینی وەرزێرانی موکریان بوو. لەو ماوەیەدا کەسێک بە ناحەق تاوانباری کردبووم کە گوایە کتێبی "بۆکان لە سەدەی بیستەمدا"ی کاک ڕەحمانی محەممەدیان من نووسیبێتم. کاک ئەمیر لە ئیمەیلێکدا کە بۆی ناردم، ناڕەزایی خۆی لەو چەشنە هەڵوێست گرتنە دەربڕی و لە وتارێکیشدا کە سەبارەت بە هەمان بابەت نووسیبووی ئاماژەی بە مەسەلەکە کرد.

دوایین ئیمەیلی کاک ئەمیر لە ٢٠١٧/٤/١٣ دا گەیشتە دەستم  کە ناساندنی کتێبێکی ئینگلیزی بوو سەبارەت بە کەمایەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین- کەیسی کورد، و وتارێکی ئینگلیزی کەسێکی تر سەبارەت بە 'دەوری نوسخەنووسان لە ڕاگواستنی دەستنووسدا- کەیسی شەرەفنامەی بەدلیسی'. ئەوە تەنیا من نەبووم کە ئەو لوتفەم دەرحەق دەکرا، بەڵکوو بەشێک بوو لە خوو وخدەی کاک ئەمیر کە زانیاری بڵاو دەکردەوە و هەر بابەتێکی کەوتبایەتە دەست کە بایەخی خوێندنەوەی هەبوایە، خەڵکانی پەیوەندیداری لێ بێ بەش نەدەکرد.

بە داخەوە لە ماوەی سێ مانگی نێوان ئەو ئیمەیلەی دوایی و هەواڵی دڵتەزێنی وەفاتی، چیتر هەواڵێکم لێی نەبیستەوە.

ئەوانە بەشێک بوون لە بیرەوەریی من لەگەڵ کاک ئەمیر. دیارە من کەسێکی وا نەبووم خۆم بە هاوشان و هاوڕێ و دۆستی نزیکی ئەو لە قەڵەم بدەم. پەیوەندی ئێمە گەلێک ساکار بوو و لە هەموو ئەو ساڵانە و هاتوچۆی لەندەنیدا کاک ئەمیر تەنیا جارێک هاتەماڵمان و منیش لە کانادا جارێک میوانیان بووم. بەڵام وەک لەگەڵ خەڵکانی دیکەش میهرەبان و یارمەتیدەر بوو، لە زۆر کاری نووسین و لێکۆڵینەوەدا یارمەتی منیشی دا و منەتباری ئەو یارمەتییانەی هێشتمەوە.

یادی بۆ هەمیشە زیندوو بمێنێت!

٢٠١٧/٦/٣٠